
# دەسەڵات و گاڵتەجاڕیی

سیروان بابەعەلی



مرۆڤ لەڕێگای نووسینی تەنزو گاڵتەجاڕییەوە پەیڕەوی میتۆدێک دەکات، کە لەڕێگایەوە لەژێر دەسەڵاتی چاودێرە سیاسییەکان دەچێتەدەرەوەو کەفوکۆی دڵی خۆی بەتەوسەوە هەڵدەڕێژێت...

پرسیارێکی تەنزئامێز دەڵێت:

سیاسیی و گەردوونگەڕ (رائد فضاء) لەچیدا لەیەکتردەچن؟

وەڵام: هەردووکیان ئەگەر هەڵەبکەن ناگەنە سەرەوە!

ئەی لەچیدا جیاوازن؟

وەڵام: گەردوونگەڕ گەر هەڵەبکات ناتوانێ بێتە خوار، بەڵام سیاسیی خۆی نایەتەخوار!

لەمرۆی کوردستان کێشەی سەرەکی ئەوەنییە، کەلەوێ نرخی شتوومەک زۆر بەرزە، چوونکە ئەوانەی هیچیان نییە هیچ لەسەریان بەگران ناوەستێ، کێشەکە ئەوەیە کەبەردەوام نرخی مرۆڤ لەدابەزینداية!

ڕاستە برسێتی دەردێکی بەئازارەو، میللەت میللەتێکی بخۆری بێبەرهەمی دەستەوستانەو، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و "یوئێن" لەبری ئەوەی وەک ئێرلەندیەکان دەڵێن (ماسییەک بدات بەکەسێک، دەیتوانی قولاپی بداتێ و ڕێگای چەمی پیشانبدات)، وەلێ تراژیدیای سەرەکی لەوێدایە، کە ژمارەیەکی زۆر ملهوڕی دەسەڵات دەڵێن: گرنگ ئەوەیە ئەو برسییانە لەتێریدا زکیان نایەشێت!

پرسی برسێتی لەکوردستان خەوشی نەزانیی دەسەڵات نییە، بەڵکو سیاسەتەو سیاسەتێکی لێزانە.

ئەگەر پێوەری پیاوی سیاسی سەرکەوتوو ئەوەبێت کە (ونستۆن چەرچڵ) ووتی: {سیاسیی بەتوانا ئەوکەسەیە کەبتوانێت پێشبینی بکات، سبەینێ و پاش مانگێک و پاش ساڵێکی تر چی ڕوودەدات، وە توانای ئەوەی هەبێت دووایی بڕوایان پێبهێنێت کەبۆ وادەرنەچوو!}، ئەوا بەوپێوەرە ئەوانەی لەمەڕخۆمان سەرکەوتوترین جۆری سیاسین.

بەهەڵە وابەستەکردنی ڕەوشی برسێتی خەڵک بەنەزانیی دەسەڵاتدارانەوە هەڵەیەکی زەقە، وەک هەمان هەڵەی کۆمۆنستەکان کەواتێدەگەن (دیاردەی بێکاریی) خەوشی نەزانیی سەرمایەدارییە!

هەرچۆن دیاردەی بێکاریی سیاسەتو پەسنی ئەوسیستمەیەو باشترین گەرانتی بوون و مانیەتێ؛ وە ئەوکاتەی کارگەرانی بەکار، مەترسی مانگرتن و پرسی مووچەو جۆرەکانی تری چەوسانەوە دەبزوێنن، هەمیشە دەستی کاری هەرزان و برسی و ئامادەی ڕیزی بێکاران لەبەردەستدایەو هەڕەشەیان پێدەکرێت، ئاواش خەڵکی ڕەشوڕووتی کوردستان بەدەستی ئەنقەست و بەسیاسەت برسی دەکرێن، هەتا گەمژەی "ئەشەدو بیللا"و چڵکاوخۆری بەردەست و شەڕکەری ئامادەو بیرۆکراتی دزو نووسەری دەربارو....تاد هەمیشە ئامادەگیان هەبێت...

سیاسەت بریتییە: لەمیکانیزمی پراکتیزەکردنی ئایدیایەک، ئەوئایدیایە لەهەگبەیدا خاوەنی میتۆدێکی ڕەوشتییە کەبەپێی دنیابینیی بیرەئایدیۆلۆژییەکە مەرامەکانی پرۆسێسدەکات، لەکوردستان و بەتایبەتی لەنێو زلحیزبەکان ئەو مەرامە ئایدیۆلۆژییە (حیزبیی ـ بنەماڵەیی ـ خێزانیی ـ تاکەکەسیی یە)، هەربۆیە ئەوانە دەستی چاکەو وەفاو دڵسۆزییان وەک کەنغەر کورتەو تەنها دەگاتە دەوروبەری زۆرنزیک بەخۆیان و دەستی تاوان و خراپەیان دەگاتە گشت جێگایەک بەدەمکوتی ڕۆژنامەنووس و هاککردنی سایتەکانیشەوە!

ئەوان ئەگەر هەمیشەیش نەیانووتبێت، بەکارکردەیی سەلماندوویانە کەمیللەتی هەژاری بێدەسەڵات وەک سەگ دەبینن! هەربۆیە بەپێی سیاسەتی (إجع کلبک ینفعک ـ سەگەکەت برسی بکە، بۆت بەسوودەبێت)ی ئاغای عەرەب سیاسەت پرۆسەدەکەن.

(کۆنفۆشیۆس) دەڵێت: پیاوچاکەکان بۆئەوەی بتوانن قەڵەمڕەوەکانیان بەباشی بەڕێوە ببەن، دەبوایە: خێزانەکانیان ڕێکبخەن

بۆئەوەی ئەوەبکەن دەبوو: خۆیان بەڕەوشتبکەن

بۆئەوەیش دەبوو: دڵیان پاکبکەنەوە

بۆئەوەی دڵیان پاکبێتەوە دەبووایە: لەڕاستی شتەکان بکۆڵنەوە

بۆ ئەوکارە پێویستیان بە: زانیاربوون و هۆشیاربوون هەبوو!

بۆیە کە گەیشتنە زانیاریی و ئاوەزمەندیی، لەڕاستییەکان گەیشتن، دڵیان پاکژ بوو، خۆیان بەڕەوشتکرد، خێزانیان ڕێکخست، قەڵەمڕەویان بەباشی بەڕێوەبرد!

لەکوردستان ئەستەمە بگەینە دواپلە، لەبەرئەوەی هەردوو پلەی یەکەم و دووەمی ئەوپەیژەیە دەمێکە شکاوون !